
# KURDOLOGY

## کـوردۆلـۆجـی

## ساڵی خوێندن 2023-2024





حکومــــەتی هــەرێمي کــوردستـــــان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی صلاح الدین- هەولێر
کۆلێژی زمان
بەشی ..........

قۆناغی یەکەم


Dr.Sirwa O.Hama
(Meheaban)

# وانەی یەکەمی کوردۆلۆجی لە بەشی تورکی




1. کوردۆلۆجی (کوردناسی) چییە؟
2. زاراوەی کوردۆلۆجی
3. پێناسەی کوردۆلۆجی
4. سوود و مەبەستەکانی کوردۆلۆجی
5. بنیاتنانی بیری کوردناسی
6. کار و پیشەی کوردناسە رۆژئاواییەکان
7. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی
8. کەرەسە و ماتیریالەکانی لێکۆڵینەوەی کوردناسی
9. کوردۆلۆجی یا کوردناسی؟
10. کوردناسی وەک زاراوە لە رووی زمانەوانیەوە چۆن دروست بووە؟

# KURDOLOGY
# کــوردۆلـۆجــی



## زاراوەی کوردۆلۆجی

لە دوو وشە پێکدێت (کورد + لۆجی).

کورد، بە واتای نـەتەوەی کورد دێت.

لۆجی، بە واتای زانست و ناسین و زانین و لێکۆڵینەوە دێت.

هەردووکیـان پـێکەوە لێکـدراون و بـۆنتە زاراوەیەك بـۆ هەمـوو ئـەو زانسـتانـەی کە پێناسەی کورد دەکات و هەموو لایـەنـەکانی ئـەو نـەتـەوەیە دەخاتە روو .

# پێناسەی کوردۆلۆجی:

لقێکە لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی.

بەو توێژینەوە بیانیانە دەوترێت کە:

لە ڕەگەز و مێژوو و جوگرافیا و کلتوور و ئابووری و ئاین و بنیاتی

کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەی کوردیان کۆڵیوەتەوە.

بەواتايكي تر :

ضەمكى كوردناسى: ئەو زانستەية كە خۆى خەريك دەكات بە ناساندنى نەتەوەى كورد بە تايبەتى لە

ڕووى ڕەطەز و ميَذوو و فوَلكلوَر و زارەكان و جوطرافيا و زمان و ئەدەب .......هتد.

# کوردناسی وەک زاراوە لە رووی زمانەوانیەوە چۆن دروست بووە؟

زاراوەکە لە ناوی **کورد** (وەک گەلێک) و قەدی چاوگی (ناسین) لێکدراوە.
کوردۆلۆجی **لۆجی** : زانست وەک

- بایۆلۆجی ئیکۆلۆجی سۆشیۆلۆجی
- جیۆلۆجی میثۆلۆجی ئیثنۆلۆجی
- ئارکیۆلۆجی ئاسترۆلۆجی
- ئەنتۆلۆجی میثۆدۆلۆجی

لە نیوان هەردوو زاراوەی **کوردناسی** و **کوردۆلۆجی** دا کامەیان پڕواتاتر و راسترە؟

**زاراوەی کوردناسی زۆر کوردانەتر و پرواتاتر و راستترە لە زاراوەی کوردۆلۆجی**

# بۆچی زانستی کوردۆلۆجی بە زانستێکی ئەورووپی ناو دەبرێت؟

١- لەبەر ئەوەی ئەورووپییەکان یەکەم کەس بوونە کە بایەخیان بە کورد داوە و لەبارەی کوردستانیان نووسیوە.

٢- هەموو ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی کە ڕۆژئاواییەکان لەسەر کوردییان نووسیوە، بوون بە سەرچاوەی دامەزراندنی زانستی کوردۆلۆجی.




# زاراوةى كوردستان

## زاراوةى كوردستـــــان:

لـة بنةرِةتدا لـة دوو مؤرفيم ثيَكهاتووة: (كورد+ ستان) (كورد) كـة مةبةست ليَـى نةتـةوةى كــوردة و واتـــاى ( ئــازا ) دةدات (ســتان)يــش ثاشــطريَكة لـــة هةنـــدىَ زمانـــة هينـــدؤ ئةوروثييةكاندا بة واتاى ولأت يان نيشتمان ديَت. كةواتـة كوردستان بـة واتاى ولأتــى كوردان يان ئةو خاكةى كة نةتةوةى [illegible]ت.






# میژووی **سەرهەڵدانی** زانستی کوردۆلۆجی:

**کوردۆلۆجی**، لە سەرەتادا **لقێک** بووە لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی.

ڕۆژهەڵاتناسیش ئەو زانستە بوو کە لە **سەدەی چواردەم** بە بڕیارێکی **"ئەنجومەنی کەنیسەکانی ڤیەننا"** بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕەسمی دامەزرا.

بە پێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی (**ئۆکسفۆرد**، **پۆڵۆنیا**، **پاریس**، **کامبریج**) دەستکرا بە وانە وتنەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، کەواتە کوردۆلۆجی سەرەتا بەشێك بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی و وەکو ڕۆژهەڵاتناسیش بینینی **ڕۆژئاوایە** بۆ **ڕۆژهەڵات**.

زانستی کوردۆلۆژی لەکۆتایی (سەدەی نۆزدە و ناوەراستی سەدەی بیستەم) بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی جیابووەوە، ئیتر لەو کاتەوە لە زانکۆکانی ئەورووپادا بە تایبەتی لە (**ئەکادیمیای ڕوسیا، زانکۆکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید** و **بەریتانیا**) وەك بەشێك سەر بە لێکۆڵینەوەی ئێراناسی و ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێندرێت، کوردۆلۆژی لە زانکۆکانی هەموو ئەم وڵاتانەدا لەبەر هۆکاری سیاسی هەرگیز سەربەخۆ نەبووەو پاشکۆی بەشی ئێراناسی بووە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا لە ساڵی **١٩٥٩** بەشی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە(**ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبۆرگ**) لە بەشی ئێراناسی جیابووەوە و بوو بە **بەشێکی سەربەخۆ**، ئەم کارەش لەسەر دەستی زانا (**پیتەر لیرخ**) هاتە بەرهەم.

## پرسیار: هۆکاری بایەخپێدانی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بۆ بابەتی کوردۆلۆجی چییە؟

١- بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لەو وڵاتە.

٢- بوونی سنووری ڕاستەوخۆی ڕوسیا لەگەڵ گەلی کورد.

٣- بوونی زانیاری دەربارەی کورد و وڵاتەکەیان بە شێوەی ڕاپۆرتی دبلۆماسی و سەربازی لە کتێبخانە و مۆزەخانە وئەرشیفەکانی وڵاتی ڕوسیا.

# مێژووی زاراوەی کوردۆلۆژی:

- لەناو کوردیشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە مێژوویەکی کۆنی نییە و بۆ یەکەم جار زاراوەی (کوردۆلۆجیا) لە ساڵی (1913) لە لاپەڕە (٨) ی ژمارە (2) ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبوڵ لە لایەن (د.عەبدوڵڵا جەودەت)ەوە بە کارهاتووە.

- لە پاشانیش لە ساڵی 1934 لە گۆڤاری (هاوار) لە لایەن (میر جەلادەت بەدرخان)دا، لە وتارێکی دا بە ناوی (کورد و کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باسی کوردناسی کردوە.

# سوودی زانستی کوردۆلۆجی:

١- سوودی زانستی کوردۆلۆجی بریتیە لە سوودی هەموو زانستەکانی فۆلکلۆر و مێژوو جوگرافیا ئەثنۆلۆجی (نەژادناسی) و هونەر و ئەدەبیات و زمان و ئارکیۆلۆجی (شوێنەوارناسی) و نەخشەسازی و نیگارکێشان و دەستنووس و بیبلیۆگرافیا لەیەك کاتدا، کە گەنجینەیەکی مەزنی نەتەوەکەمان پێکدەهێنن.

٢- پاراستنی دەق و دەستنووسە دەگمەنەکان و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستان.

٣- دیاریکردن و سەلماندنی مێژوویەکی زانستی و ئەکادیمی باوەرپێکراو لەجیهاندا.


٤- هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی پێگە و رۆڵی کورد لەبوارە جیاوازەکاندا.

٥- ناساندنی هەموو بۆچوون و تێڕوانینی بیانییەکان کە لەهەمبەر نەتەوەی کورد دراون و زانیاری بەسوودیان دەربارەی نەتەوەی کورد تۆمارکردووە. **سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان بەباشی و هەندێکیشیان بەخراپی باسی کوردیان کردووە.**

# بنیاتنانی بیری كوردناسی:


١- یۆنانییەكان: واتە گریكەكان لە زەمانی دێرین، یەكەم كەس بوون كە هاتوونەتە كوردستان و بۆ یەكەم جار كتێبیان لە بارەی كورد و وڵاتی كوردییەوە نووسیوە هەر بۆیەش یەكەمین و كۆنترین سەرچاوە كە ناوی كوردی تیدا هاتبێ و پەیوەندی نێوان رۆژئاوا و كوردمان بۆ بگێڕێتەوە، كتێبی (ئاناباسیس زەینەفونە) ئەمە بووە سەرچاوەیەك كە ئەورووپا بۆ ناسینی كورد پشتی پێ بەست.












ئەم گەشتنامەیە بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوە و بەشێکی تەرخان کراوە بۆ **گێڕانەوەی ئەو کارەسات و بەسەرهاتانەی که** زەینەفۆن و لەشکرەکەی بەسەریان هاتووە.

دوای ئەو **(ئەسکەندەری مەکدۆنی)** کاتێك کوردستان داگیر دەکات لە شەڕێك بە ناوی **(ئەربێلا)** یاخود**(گۆگامێل)** وا دەکات سەرنجی هەموو دنیا بۆ کوردستان ڕابکێشێت چونکە ئەو شەڕە **یەکەم سەرکەوتنی ڕۆژئاوا بوو بەسەر ڕۆژهەڵات.**

# زەینەفون

**زەینەفون یا** گزنفۆن (kesnofon) فەیلەسوف و مێژوونوسی یۆنانی بووە، لە سالی ٤٣٠ بۆ ٣٥٤ پ.ز ژیاوە، سەرەتا خوێنکاری سوقڕات بوە پاشان ڕووی لە کاری سەربازی کردووە سەر لەشکری سوپاش بووە، کتێبەکەی ناوی (**ئەناباسیس- بەرەو باکوور**)ە، لەم کتێبەدا باسی (کاردۆکی یان کاردۆخ)یەکان دەکات کە نەتەوەیەکی کۆنی **کوردستانن** و باپیرانی کوردن زۆر بە ئازاو لێهاتوو وەسفیان دەکات ، ئەم کتێبە بە کۆنترین ویەکەمین تۆماری مێژوویی دەژمێردرێت کە باسی کاردۆخەکان بکات.

زەینەفون

تــــەمـــــەن: (نزیک 76 ساڵ)

پیشــــــــــە: مێژوونووس، سەرباز

نەتــــەوە: یۆنان

https://www.youtube.com/watch?v=-kYODm71Dl4

**٢- میژوونووسەكان:** وەك میژوونووسی ئەرمەنی **(مایسای خۆرێنسكی)** لە سەدەی پێنجەم دا بە سەرچاوەیەكی گرنگ لە بواری مێژووی كورد دادەنرێت لەم پەرتووكەدا باس لە وڵاتی میدیا دەكات و بووە بە بناغەیەكی گرنگ بۆ دامەزراندنی سەرەتایەک بۆ بیری كوردناسی.

**٣- كتێبی ئاسمانی:** **(قورئان، ئینجیل، تەورات)** لەم كتێبانەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی كورد نەكراوە بەڵكو ناوی هەندێک شوێنی كوردستان هێنراوە وەك چیای جودی، ئارارات، میدیا، ... هتد.

**٤- جەنگی خاچپەرستەکان:**

لە سەدەی دوازدە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی مسوڵمان و ڕۆژئاوای مەسیحی ڕوویدا بە ڕێبەرایەتی سەرکردەیەکی کورد بە ناوی سەڵاحەددینی ئەیوبی بەرامبەر بە دوو سەرکردەی ئەورووپی بە ناوەکانی (فلیپی فەرەنسی و ریچارد شێردڵی ئینگلیز)، کە پەیوەندی نێوان ئەورووپا و کورد لەم جەنگە دێرینەدا چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی لە ئەدەبی کوردی و ئەورووپیدا دروستکردووە وەکو (میستـــەرریـــچ) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانییە لە گەشتنامە بەناوبانگەکەیدا باسی چیرۆکی ئەفسانەیی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کیغانی فەرەنگ) دەکات.

**٥- زانا موسڵمانەکان (عەرەب، فارس، تورك):** بە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگ بۆ دامەزراندنی بیری کوردناسی لەلای ئەورووپیەکان دادەنرێن.

# کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (میستەر ڕیچ)
# Claudius James Rich


کلۆدیۆس جیمس ڕیچ (میستەر ڕیچ)

چالاکێکی سیاسیی بەریتانی بووە، بە نێردەیەکی فەرمی هاتووەتە کوردستان. ڕۆژی 10ی ئایاری ساڵی 1820 لە چوارچێوەی گەشتەکەی بۆ کوردستان کلۆدیۆس جیمس ڕیچ بە یاوەری (عوسمان بەگ)ی برا بچکۆلەی میری بـابـان گەیشتە شاری سلێمانی و لەوێ (مەحمود پاشای میری بابان پێشوازی لێکرد. میستەر ڕیچ لە یاداشتی ڕۆژانەیدا گەلێک شتی گرنگی مێژووی کوردی تۆمارکردووە، گەشتەکەشی کراوە بە زمانی کوردی.

# لێکۆڵەرانی کوردۆلۆجی:

**١- کوردناسە ئەورووپییەکان (رۆژئاوا)**

شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان، کە کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی و، هەندێ هۆکاری ئابووری و سیاسی و سەربازی وای کردووە سەرنجی وڵاتە ئەورووپییەکانی وەک: **بەریتانیا** و **فەرەنسا** و **ئەڵمانیا** و **ئیتاڵیا** و **ڕووسیا** ڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە زۆر شتیان دەربارەی کورد نووسیوە.

## لــــەو کوردنـــــاســـــانـــەیش:

1- **مارکۆ پۆلۆ:** جوگرافیناس و گەڕۆکێکی ناسراوی ئیتاڵیا بوو، ئاماژە بەوە دەکرێ کە یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستان) ی بەکارهێناوە

2- **کریستین نبوور:** یەکێ لەو گەریدانەیە کە گەشتی بۆ کوردستان کردووە، ئەو گەشتەی لەساڵی 1766 چاپ کردووە و باسێکی لەسەر کورد نووسیوە.

3- **مێریلا گالیتی:** کتێبێکی لەسەر کوردان نووسیوە بەناوی (کلتوری کوردی لە نووسراوەکانی ئیتاڵیەکاندا).

4- **مۆریزیۆ گـــــارزۆنی:** قەشـــەیـــەکی ئیتـــــاڵییە، لەساڵی 1787 کتێبیکی بەناوی (ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی ) بڵاوکردۆتەوە.

5- **هۆرئلی و شنایدەر:** باسیکیان دەربارەی ئیتنۆگرافیا (نەژادناسی، نەتەوەزانی) و زمانی کوردی دەرکردوەو، هەوڵیان دا (ئینجیل) وەربگێرنە سەر زمانی کوردی بەزاری موکری.

6- **پیتەر لیرخ:** بە دامەزرێنەری کوردۆلۆجیا لە ڕووسیا دادەنرێت ، زۆرشتی لەسەر کورد نووسیوەو، سێ کتێبی لەسەر کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش نووسیوە.

7- **ئەلبێرت سۆسین:** توێژەرێکی ئەڵمانییە، نووسینەکەی لەبارەی کوردانەوە بەناوی (لێکۆلینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمانی کوردی) یە.

8-**ڕۆدینگۆ:** کوردناسێکی ڕووسییە، توانیویەتی بەشێوەیەکی زانستی ساغکردنەوە بۆ زۆر لەبەرهەمەکانی وەک : مەم و زین و لەیلاو مەجنون و یوسف و زولەیخا و دەستنووسی (عادات و رسومەت نامەی ئەکرادیە) ی مەلا مەحموودی بایەزیدی بکات و لەساڵ 1970 چاپی بکات.

## ٢- زانا موسڵمانەکـــــــان (ڕۆژهەڵات)

لەدوای ئاشـــنابوونی کـــورد بەئـــاینی ئیســـلام، کـــورد وەک نەتەوەیەک کەوتـــۆتە نێـــو بەشـــێک لە نووسراوەکانی مێژوونووس و جوگرافیناس و زانا موسڵمانەکانی وەک:

1- **محەمەدی کوڕی جەزیری تەبەری:** کتێبە مێژوویەکەی بە نـاوی ( تـاریخ الامم و الملوک)، ئەم کتێبە لە درووستبوونی بوونەوەرەوە دەست پێدەکات هەتا ساڵی 915 ی زایینی، لە زۆرشوێن باسی کورد دەکات.

2- **ئیبن ئەسیری جەزیری :** کتێبەکەی بەناوی **(الکامل فی التاریخ)**، ئەم کتێبە درێژە پێدەری کتێبی تەبەرییە، بەدرێژی باسی بزوتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات.

3- **حافز عیمادالدین أبو ئیسماعیل کەسیر (ئیبن کەسیری دیمەشقی):** لەکتێبی (**البدایة و النهایة)** باسی لەکورد کردووە

4- **ئەلمەقدسی:** لە کتێبی **(أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم)** بە دوور و درێژی باس لە داب و نەریت و کلتوری کورد دەکات.

5- **بەلعەمی:** لەکتێبی **( تاريخ بلعمى)** دا باسی لە رەسەن و بنەچەی کورد کردووە.

6- **ئەولیاي چەلەبی :** گەڕیدەیەکی عوسمانییە، لە پەرتووکەکەی بە ناوی **(سیاحتنامە)**دا، بەشێکی تەرخان کردووە بۆ کورد.

7- **یاقوت حەمەوی:** لەپەرتووکەکەی بەناوی **(مجمع البلدان)** زۆر زانیاری لەبارەی کوردەوە دەخاتەروو.

8- **ئیبن حەوقەل :** لەکتێبی **( صورة الارض)** زۆر بە ڕوونی نەخشەی کوردستانی کێشاوە.

## ٣- کـــوردەکــان:

رۆشـنبیرە کوردەکـان، هەسـتیان بەوە کـرد پێویسـتە نەوەکانیـان وەکـو هەر نەتەوەیـــەکی تـر کە خـاوەنی سـامانی رۆشنبیری و کەلتوری فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیەتی پێویستە بناسرێ , وە توانیـان لەرووەوە زانایـان و شـاعیران و نەریتی خۆیان بناسێنن بە کوردی و غەیری کورد و دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین :

1- **لە رووی مێژوو:** شەرەفخانی بەدلیسی و محمدئەمین زەکی بەگ، د. کەمال مەزهەر...هتد

2- **لە بواری رێنووس و رێزمان و زمانی کوردی:** میر جەلادەت بەدرخـان، نـوری عەلـی ئەمـین، جمـال نەبەز، حامید فەرەج، تۆفیق وەهبی.....هتد.

3- **لە بواری ئەدەب :** عەلاددیـن سـەجادی، سـدیق بـۆرەکەیی، عیـزەددین مسـتەفا رەسـول، مـارف خەزنەدار، ئەمینی عەبدال.....هتد.

4- **لە بواری جوگرافیا :** پێویستە ئاماژە بە (عبدولرەحمان ئەمین زەبیحی) بکەین.

5- **لە بواری سیاسی :** لێکۆڵینەوەی (د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ) باشترین بەرهەمە کە بەشێوەی زانستی لەسەر کورد نوسرابێت و بۆ چەند زمانێکی ئەورووپی و عەرەبی وەرگیراوە.

# ئامانجی کوردناسەکان و هاتنیان بۆ کوردستان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**1- ئامانجی ئاینی:**

کورد سەر بە دین و مەزهەبی جۆراو جۆر بووە، وەکو: زەردەشتی و مەسیحی و یەزیدی و موسڵمان و حەقە و.....هتد، بۆیە ڕێبەر و سەردارانی هەر دینێک ویستوویانە بێن بۆ کوردستان و بیکەن بە مەیدان و بەرەو پێش بردنی ئەو دین و مەزهەبە دیاریکراوەی خۆیان، بە تایبەتیش مەسیحیەکان، دەستەیەکی بەرچاویان هاتوونە بۆ ناسینی ئەو کەمە نەتەوایەتیە مەسیحییە کوردەی لە کوردستان دەژین بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و زانیاری پەیداکردن لەبارەیانەوە. وەکو قەشە (مۆریزیۆ گارزۆنی ئیتاڵی و تۆمابوای فەرەنسی).

**2- ئامانجی سیاسی:**

هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی بۆ دانانی پلانی پێش وەختە بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، چونکە کوردستان بایەخێکی ستراتیجی مەزنی لە ڕووی سیاسی و سەربازی بۆ وڵاتی بێگانە هەبووە، وەک **(مێجەرسۆن)**.

**3- ئامانجی بازرگانی و ئابووری:**

زۆرێک لە بازرگانەکان ئەوانە بوون، کە بە مەبەستی ئاڵوگۆری کاڵاو پێداویستیەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەشت و سەفەریان دەکرد. جا لەپاڵ مەبەستی بازرگانی و ئابوورییان هەڵدەستان زانست و زانیاریشیان لە بارەی مێژوو و زمان و کلتوری ئەو نەتەوانە کۆدەکردەوە. وەک (**گاگارای**) ڕووسی و (**تاڤێرنێتە**)ی فەرەنسی.

**4- ئامانجی زانستی و ئەکادیمی:**

تا کۆتایی سەدەی (18) ڕۆژهەڵاتناسەکان زیاتر بە مەبەستی سیاسی و سخوری بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بەرەو ڕۆژهەڵات و کوردستان سەفەریان دەکرد، بەڵام بەشێکی دیکە لەکوردناسەکان لە سەرەتای ساڵانی (1800) بەملاوە هیچ بەرژەوەندییەکی ماددی و سیاسییان نەبووە، بەڵکو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی هاتوونەتە کوردستان یان لە شوێنی خۆیان توێژینەوەی زانستیان لەبارەی ژیان و کلتور و گشت لایەنەکانی کورد نووسیوە وەك (**لازاریف و مینۆرسکی و مارتن ڤان بڕۆنسن**).

**5- ئامانجی سەربازی:**

هەندێک لە کوردناسەکان پلەی سەربازییان لە لەشکری وڵاتانی خۆیان هەبووە، جا کاتێک لە جەنگدا بوونەو هاتوونەتە کوردستان و ئەوەی بینیوویانە بەجۆرێک نووسیویانەتەوە. وەک **(زەینەفون).**

**6- ئامانجی حەزوو ئارەزوو:**

هەندێک لەکوردناسەکان تەنیا بەمەبەستی حەز و ئارەزوو گەشت و سەیران هاتوونەتە کوردستان. دواتر بیرەوەریەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کتێب و نامەیلکەو گوتاردا بڵاوکردۆتەوە.

## گرنگترین کاری کوردناسی خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە :

1- کاری کوردناسەکان بەسەرچاوە و هۆکارێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد دادەنرێ.

2- بەهۆی لێکۆڵینەوی کوردناسەکان زمانی کوردی بە زمانێکی سەربەخۆ جیا لەزمانی ئێرانی ناسرا و چەندین فەرهەنگیش بۆ زمانی کوردی دروست کرا, وەکو کوردی و ئیتاڵی و کوردی و ئینگلیزی.

3- دەتوانرێت گرنگترین دۆکیۆمێنت لە بارەی فۆلکلۆر و باری کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی کوردەکان و چەندین بواری تری ئابووری و جوگرافی ...هتد بزانرێ.

4- کردنەوەی بەشی کوردناسی لە رووسیا.

# کەرەسە و ماتریالەکانی کوردۆلۆجی:

1- نەژادی کورد و مێژووی کۆنی کوردستان.

2- زمانی و کوردی و دیالێکتەکانی.

3- فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی.

4- نەخشەی جوگرافی و دیاریکردنی جوگرافیای سیاسی.

5- شوێنەوار.

6- ئامراز و کەل و پەلی رازاندنەوەی ئافرەتان .

7- دین و مەزهەبەکانی.

8- دەستنووس.

9- وێنەو نیگار و گرافوور.

10- کتێب و بڵاوکراوە و بیبلیۆگرافیا

# بـــەشـــــــی تــــــایبـــەت بــە زمـــــــــــــان

زمان دیاریدەیەکە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە ، چونکە لە ڕوانگەی جۆر بە جۆرەوە سەیردەکرێت و هەر شـــارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی لێی دەکۆڵێتەوە ئەمە جگە لەوەی زمان خاوەن تایبەتمەندی و ئەرکی خۆیەتی.

## لێرەدا لە پێناسەکاندا، چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕوو:

1- **مارتنت** دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن.

2- **چومسکی** دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات.

3- **ساپیر** دەڵێت : زمان هۆیەکی نا غەریزەییە و تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت.

4- **کۆ زمانەوانەکان**: زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەت بەکاردێت.

# بەگشتی زمان چەند تایبەتییەکی هەیە، لەوانە:



1- زمان پێـــڕەوە

2- زمان دەنگــــــە

3- زمان هێمـــــایە (ڕەمزە):-

A.ڕەمزی وێنەیی

B.ڕەمزی هۆیی

C.ڕەمزی لەخۆوە

4- زمان تــایبەتە بەمــــــرۆڤ









**زمـــــان پێـــــڕەوە:**

ئەگەر زمان خاوەن پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت ، ئەوا کەس ناتوانێت فیری ببێت. زمان لەڕاستیدا لە دوو پێڕەوی سەرەکی پێکدێت، ئەویش پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتایە.

1) پەیڕەوی دەنگی زمان ئەوەیە کە هەر زمانێك سوود لەکۆمەڵە دەنگێك وەردەگرێ و بەکاریان دێنێت ، واتە پێڕەوی دەنگی زمان ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدات کە ژمارەیەکی کەمی دەنگ دووبارەو سێ بارە بکەینەوە لە ڕۆنانی جیاجیادا تاکو دانەی واتایی دروست بکەین.

2) پێڕەوی واتایی زمانیش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە دەدات کە لە ژمارەیەکی زۆر وشە دووبارە ببنەوە تاوەکو مرۆڤ بتوانێ بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئاڵۆز دەربڕێ.

**زمان دەنگە:**

زمان دەنگە، چونکە قسە لەنووسین لەپێشترە ، واتە لەبنەڕەتا درکاندن لەپێش نووسین بووە، مرۆڤ هەمووی بەر لەنووسین فێری قسەکردن دەبێت و نووسینیش زمان نییە ، بەڵکو بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ پاراستنی قسە.





## زمان هێمایە (ڕەمزە):

واتا دەنگەکانی زمان ڕەمزن، بە تەنها هیچ واتایەك نابەخشن، بەڵام بەپێی یاسای قسەکەرانی هەر زمانێ ڕیزدەبن، بۆ ئەوەی وشە پێك بێت کە کۆمەڵ لەســـەری ڕێککەوتن و واتــاکانیان لێی هەڵهێنجاوە بەواتـــایەکی تر دەنگـــەکانی زمـــان هێمان، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دەنگانە شتێك دەنوێنن کە خۆیاننین و پەیوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لەخۆوەیە.







**بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر هێما (ڕەمز) لەئارادا هەیە :**

**A.ڕەمزی وێنەیی:** کە تێدا پەیوەندی لێکچوون هەیە لەنێوان دەنگ و واتا،

وەکو: (دەست بردن بۆ دەم) بۆ گەیاندنی برسییەتی.

(دەست ڕاوەشاندن) بۆ گەیاندنی هەڕەشە.

**B.ڕەمزی هۆیی:** وەك (زەردە هەڵگەڕان) لە نەخۆشی یان ترس. (سووربوونەوە) لە تووڕەیی یان شەرم.

**C.ڕەمزی لەخۆوە:** کە تیایدا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دەنگ و واتادا نییە. واتە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵ دیاریکراوە وەك: (خۆر) بەواتای ئازادی و ڕووناکی و سەربەستی، وشەکانی زمان وەك دار، بەرد، ئەسپ،...هتد.

## زمان تایبەتە بەمرۆڤ:

هەر لەکۆنەوە باوەڕ وابوو کە زمـــان، مرۆڤ لە هەموو گیـــاندارەکانی تر جیادەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرەو توانای قسەکردنی تێدایە.

بێگومان ئاژەڵ و گیاندارەکانی تریش جۆرە پەیڕەویکیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن هەرچەندە زۆر سادەش بێت ، بەڵام ئەم پەیڕەوە لەچاڵاکیدا زۆر لەزمان کەمترە و ڕێگەی گیانداران نادات لە ڕابردوو و دوارۆژیان بکۆڵنەوە و درۆبکەن و یان شت لە زمانی تر وەربگرن.




لەبەر ئەم هۆیانە پێڕەوەکانیان ناچێتە ڕێزی زمان.






## ئـەرکـەکـانی زمـان:

1- زانیاری و هەواڵ گەیاندن

2- پرسیـارکـردن

3- هەست دەربـڕین

4- ئەرکـی ورژانـدن

5- فەرمـاندان

6- راپـەڕاندن

7- ئەرکـی چێ خۆشکردن









**زانیاری و هەواڵ گەیاندن:**

ئەم ئەرکە بە ئەرکێکی هەرە سەرەکی زمان دەژمێردرێ، چونکە مرۆڤ بەهۆیەوە دەوروبەری خۆی دیاری دەکات و دەدوێت و دەیەوێت بوون و نەبوون و ڕاستی و ناڕاستی دیاردەکان پیشان بدات.

کەواتە ئەم ئەرکە پەیوەندی بە زانین و هۆشی مرۆڤەوە هەیە.

بۆیە بەکارهێنانی ئەم ئەرکە زۆرتر لە هەموو بوارەکانی تری ژیان و پەیوەندی کردنە، وەکو:

_ ئاو لە پلەی سفر دەبەستێت و لە پلەی سەدی دەکوڵێت.

_ بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە بێ ئاگان.

**پرسیارکردن:**

مەبەست لە پرسیارکردن دەستخستنی زانیارییە بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەتوانێت کەلێن یان چەند کەلێنێك لە زانیاری خۆی بەرامبەر بە دیاردەیەك پڕ بکاتەوە، وەکو

- لە کوێ دەژی؟ - ئەم کتێبەت بە چەند کڕی؟ - کەی امتیحانە؟

**هەست دەربڕین:**

هەست و ئارەزووی قسەکەر بەرامبەر بە دیاردەکانی دەوروبەر دەردەخات، دەتوانین بڵێین هەموو جنێو و پیاهەڵدان و زەم کردن ..... هەمووی دەچێتە خانەی دەربڕینەوە،

- ئۆخەی کارەکەم تەواو کرد. ــ ئای کە برسیمە.

**ئەركی ورژاندن:**

كاتێك زمان بە ئەركی ورژاندن بە كاردێت كە هەست و ئارەزوویەكی تایبەت لە گوێگر یان خوێنەر دروست بكات، بە واتای ئەوەی گوێگر بورووژێت و دڵی خۆش بكات یان بە پێچەوانەوە دڵی ناخۆش بكات، ئەم بەكارهێنانەی زمان لە نوكتەو گێڕانەوە و پڕوپاگەندە و تراژیدیادا زۆرتر دەردەكەوێت.

**فەرماندان:**

كاتێك قسەكەر بیەوێ كارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ سادەترین فەرمانیشی لە شێوەی داخوازی دایە. وەكو:

- فەرموو دانیشە - مەیە ژووریَ - دەبێ مندالَ لەگەلَ خۆتان نەهێنن

## ڕاپەڕاندن:

لەو گوتنانە دەردەکەوێت کە خۆیان بریتین لە ڕاپەڕاندنی کارێك بە واتای ئەوەی لە جیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە، وەك:

- سوێند دەخۆم ڕاست بڵێم. - وا ئەو کۆبونەوەیە دوایی پێ دەهێنم.

**دوو سیفەتیان هەیە ڕستەی ئەرکی ڕاپەڕاندن:**

1- بە کەسی یەکەمی تاك (من) یان کۆ (ئێمە)یە .

2- لە شێوەی بەڵێندان یا ناونان.



**ئەرکی جێ خۆشکردن:**

ئەم ئەرکە پێشی دەوترێ ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان و زیاتر لەو گوتنانە دەردەکەوێت کە ڕۆژانە بە کاردێت بەسەر زاری هەموو کەسێکەوەیە بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوە و بار و شوێن خۆشکردن و خۆ چەسپاندنە لەناو کۆمەڵگادا.

**وەك :** ئەو وشانەی بۆ **سڵاوکردن** و **خواحافیزی** و **چاك و چۆنی** بەکاردێت (باشی، چاکی، شەوباش، خواحافیز، خوات لەگەڵ) ئەمانە هەرچەندە بە زۆری لە شێوەی پرسیاردان، بەڵام بۆ پرسیار بەکارنایەت، بەڵکو قسەکەر بۆ ئەوە بەکاردێنێ خۆی لە **گوێگر نزیك بکاتەوە** و نیشان بدات کە گوێگر دەناسێ و هیچ ناخۆشییەك لە نێوانیان نییە.

# پەیدابوون و دابەشبوونی زمان:

کۆمەڵێك گریمانەوبۆ چوون لە بارەی پەیدابوونی زمانەوە هەیە، کە هەریەکە لەو گریمانانە ناتوانێ بەڵگە و ڕاستی حەقیقەتی پەیدابوونی زمان بسەلمێنێ و کۆمەڵێ کەم و کورتی لە خۆ دەگرن لەوانە:



**1- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان**
**2- گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕە**
**3- گریمانەی بزاوتن**
**4- گریمانەی مۆسیقا**
**5- گریمانەی پەیوەندی**

# 1- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان

A. ئەم گریمانەیە بۆ یەکەم جار لەسەدەی (4-5) پ.ز لەلایەن (دیمرکریتەس) و (ئەفلاتوون)ەوە خراوەتە بەرچاو.

B. لەسەدەی (17-18) (لابینز) پشتگیری لێکردووە.

C. لەسەدەی (19) دا (داروین) و (وتنی) پەسندیان کرد.



بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەلاسایی دەنگە سروشتییەکانەوە پەیدا بووە.

گریمانەکە باوەڕی وایە کە دانە دەنگییەکان لاسایی ئەو دەنگانەن کە گیانلەبەری تر یان سروشت دەریان دەهێنێ، واتە لاسایی دەنگی (ئاژەڵ، ڕووبار، بروسکە،...هتد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم فۆرمانە لەهەموو زمانێکدا وەك یەك نین بۆیە ئەم بۆچوونە پشت گوێ خرا.

## 2- گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕە
## The Pooh-Pooh Theory

ئەم گریمانەیە لەسەدەی (19) لەلایەن زانای ئەڵمانی (شتاینتاڵ) و دەستەیەك لە ڕووناك بیران خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمـــانەیە زمــان لەو دەنگە غەریزانەوە پەیدا بووە كە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار دەری بڕیووە وەكو (ئـــاخ، ئۆف، ئای ...هتد) و یەكەم گووتن لەشێوەی سەرسورمان بووە.











## -2 گریمانەی بزاوتن Gesture Theory

بەبـــاوەڕی هەندێ لە زمـــانەوانی وەك (**قۆنت، مـــار، پیـــاجیە**) زمانی سەرەتا زمانی بزاوتن بووە کەتـــاکو ئێستـــاش لەگـــەڵ گوتن بەکـــاردێت وەك: (سەرلەقـــاندن و لێوقوچـــاندن و چـــاوتروکاندن و ... هتد).

کاتێك مرۆڤ تەکنیکی بەرەوپێشەوە چووە پێویستی بەبزاوتنی وورد بووە، جا لەبەر ئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریك بووە ناچار بووە بێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەو بزاوتنانە بگۆڕێتەوە بە بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو دەم و قورگەوە.







## 4- گریمانەی مۆسیقا The Musical Theory

ئەم گریمانەیە لە لایەن (**یسپرسن**)ەوە خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە، سەرەتا گۆرانییەکی بێ وشە بووە. واتە هەر ئاواز بووە بەمەبەستی هەست دەربڕین بەکارهاتووە نەك بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتنی خەڵکیتر، دواتر بریتی بووە لە وشەی درێژی پڕ لەدەنگی قورس، لەم قۆناغەیدا زمان بەئاوازەتر بووە لە زمانەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ.



# 5- گریمانەی پەیوەندی          The contact Theory

بەپێی ئەم گریمانەیە کە لەلایەن (ڕێفیز)ەوە خراوەتە ڕوو، زمان لە ئەنجـــــامی ئەو غەریزەیە دروست بووە کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندی کردن.
بەباوەڕی (ڕێفیز) زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەم گەشەیەی ئێستای، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە،

**لەقۆناغی یەکەمی دا (قیژە) بووە** و ئاراستەی دەورووبەر کراوە.

**لەقۆناغی دووەمدا (بانگ) بووە** ئاراستەی دەورووبەر کراوە بەهیوای هێنانەدی ئاوات و ویستی قسەکەران بووە.
**لەقۆناغی سێیەمدا (وشە) بووە**، دەنگەکان وەك هێما بەکاردێن. هەروەها (ڕێفیز) باوەڕی وا بووە یەکەم گووتن لەشێوەی **داوا** یان **فەرمان** بووە دواتر شێوەکانی تر وەکو **هەواڵدان** و **پرسیار کردن** هاتوونەتە کایەوە.

## تێڕوانینی ئایینی بۆ دروست بوون و دابەشبوونی زمان

ئاینە ئاسماینەکان بە گشتی کاتێك لە بارەی پەیدابوونی زمان دەدوێن هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە **زمان بەخشیشێکی خواییە** و دوای ئەوەی خوای گەورە کە ئادەمی خوڵقاندووە زمانیشی پێ بەخشی و بێ زمـــان نەیهێشتەوە کە نەتوانێ قسە بکات و جەستەیەکی بێ هەست و هەستەوەربێ.

ئایینە ئاسمـــــانیەکان **ڕەگ و ڕیشەی هەموو زمـــانێك بۆ یەك دەگەڕێننەوە**، هەروەك لە **تەوڕات** هاتوە کە زمانەکان لە سەرەتا یەك زمان بوونە، لە ڕوانگەی **ئاینی ئیسلامیشەوە** بنچینەو سەرەتای هەموو زمانەکان بۆ ئادەم دەگەڕێتەوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆز هاتووە «**و علم أدم ألاسماء کلها**» لێرە **أسماء** بە ناوهێنانی شتەکان لە لایەن ئادەمەوە دێت، واتا ئادەم فێری هەموو ناوێك کراوە..

دواتر ئەوزمانە سەرەتایەی مرۆڤ لە ڕێی چەند هۆکارێکی( **کۆمەڵایەتی**، **ئابووری**، **جوگرافی**) دابەشی چەند زمانێ بووە کە لە ئەنجامدا ئەم هەموو زمانە جیاوازانە هاتوونەتە کایەوە ئەم دابەشبوونی زمانانەش لە قورئان بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت:



## خێزانە زمانەکانی جیهان و  زمانی کوردی و دیالێکتەکان

بۆ زانینی مێژووی زمانی کوردی  کە دەگەڕێتەوە سەر چ  خێزانە زمانێك، دەبێ سەیری دابەشکردنی خێزانە زمانەکان بکەین لە جیهاندا، دەربارەی خێزانە زمانەکان لە جیهاندا، **زمانناسان زمانەکانی جیهانیان بەسەر چوار خێزانە زمان دابەشکردووە**، بەم شێوەی خوارەوە:




- **یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ _ ئەوڕووپی**
- **دووەم: خێزانە زمانی سامی و حامی**
- **سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی**
- **چوارەم: خێزانە زمانەکانی چینی**

## یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ _ ئەورووپی

### 1. کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی (هیندۆ – ئـاری):

ئەم کۆمەڵەش دەبن بە دوو بەش: ⇦

| أ) هیندی ⇕ | ب) ئێرانی ⇕ |
|---|---|
| بنجانی | فارسی |
| کۆجراتی | کوردی |
| بەهاری | ئەفغانی |
| بەنگالی | بەلوجی |
| راجاسانی | ئۆزەتی |

### 2. کۆمەڵەی ڕۆژئـاوایی

| ز- جەرمەنیەکان | ز- سلاڤییەکان | ز- لاتینیەکان | ز– یۆنانی | ز– ڕۆژهەڵاتی |
|---|---|---|---|---|
| ئەڵمانی | رووسی | ئیتاڵی | ئەرمەنی | ئێرلەندی |
| ئینگلیزی | پۆڵەندی | فەڕنسی | ئەلبانی | |
| دانیمارکی | چیکی | پورتوگالی | | |
| هۆڵەندی | یوگسلاڤی | ئیسپانی | | |
| ئەسکەندەنافی | ئۆکرانی | | | |

## دووەم: خێزانە زمانی سامی و حامی

1- خێزانی سامی:

| |
|---|
| أ) سامی رۆژهەڵات: ئاشوری، بابلی |
| ب) سامی رۆژئاوا: عیبری، فینیقی، سریانی، ئارامی |
| ج) سامی خواروو: ئەسیوبی، عەرەبی |

2- خێزانی حامی:

| | | |
|---|---|---|
| 1. سۆماڵی | 2. گالیایی | 3. عەفاری |

# دیـــالـێکــت

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی دیـــالێکت، زاراوەکانی وەک(زار، لــەهجــە، شێـــوە، شێـــوەزار)یش بەکاردێت، زاراوەی دیالێکتیش زاراوەیەکی لاتینییە.

پێنـــاســـەی دیالێکت : بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لە نێوان جۆرەکانی یەک زماندا هەیە، وەک جیاوازی ڕێزمان ولایەنی پێکهاتەیی وشـــە و چۆنیـــەتی دەربڕین.



## جۆرەکانی دیالێکت

1- دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان

2- دیالێکتە پیشەییەکان

3- دیالێکتە ناوچەییەکان

4- دیالێکتی پەتی

5- دیالێکتی ڕەمەکی

جـــگە لەم جـۆرە دیالێکتـــانەی کە لە پێشـــەوە ئاماژەمـــان بـۆی کـرد ئەوا لە زمانناســـی نوێـدا جۆرەکانی دیالێکت بەسەر **چوار جۆر** دابەش دەکرێن:

١- **دیالێکتی ستاندارد**
٢- **دیالێکتی ڕەگەزی**
٣- **دیالێکتی جوگرافی**
٤- **دیالێکتی چینە کۆمەڵایەتیەکان**

ئەگەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەم جۆرە دابەشکردنەی دیالێکتەوە دابەش بکەین دەبینین دیالێکتەکـــانی زمانی هەموو سەر بە دیـــالێکتی جوگرافییاین، چونکە کرۆکی هۆی بوونییان پەیوەندی بە دەست کردی هەل و مەرجی جوگرافییای و سیاسیەوە هەیە.




## هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت

**١- هۆکاری کۆمەڵایەتی**

**٢- هۆکاری سیاسی:** دوو لایەن دەگرێتەوە:

**أ-** هۆکارێکیان ئەوەیە کە میللەتێک خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت.

**ب-** هۆکاری دووەمیان ئەوەیە کە حکوومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەڵاتەکەی ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بکێشێت کە بەمەش دەسەڵاتی ناوەندی بێهێز دەبێت و وادەکات هەرناوچەیە و شێوە ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەبێت.



**٣- هۆكاری جوگرافی و سروشتی هەڵكەوتوویی ناوچەكە.**

**٤- رادەی رۆشنبیری و دواكەوتوویی كۆمەڵگە.**

**٥- جیاوازی لە ڕووی دەنگسازیەوە:** بۆ نموونە لە كرمانجی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا (نووسی) بەكاردێ،بەڵام لە كرمانجی سەروودا (نڤیسی) بەكاردێت.

**٦- هۆكاری بایۆلۆژی و فیزیكی:** كە ئەمەش پەیوەستە بە كردەی درووستبوونی مرۆڤەوە.

# جیـــــاوازی نێوان زمـــــــان و دیـــــــالێـــــکت

١- زمان لایەنێکی گشتی و سنوورێکی فراوان دەگرێتەوە و تارادەیەک هەموو دیالێکتەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی  سنووری جوگرافی دیاریکراو لە خۆ دەگرێت.

٢- زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا هەیە، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت کە لەناو زماندا هەیە.

٣- زمان پەیوەستە لەسەر بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر دوو قسەکەر لەیەکتر گەیشتن ئەوە پێی دەوترێت زار، بەڵام گەر لەیەکتر نەگەیشتن ئەوە دەبێت بە دوو زمانی سەربەخۆ.

٤- زمان بەپێی رەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆرێت، بەڵام دیالێکت بەپێی رەگەز و جوگرافیا و دابەش بوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێت.

# زمـــانی ستـــاندارد

زمانی ستاندارد ئەو شێوەیە کەوا لە ئاکامی دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەوە دروست دەبێت چەند دەزگایەکی ئەکادیمی یان زمانەوانی یان لایەنێك دەیانەوێت شێوەیەکی ستاندارد دروست بکەن.

بۆ ئەو مەبەستە شێوەیەك لە شێوەکان هەڵدەبژێرن و دواتر بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێدا زمانێکی ستاندارد دەهێننە بەرهەم و دەبێت بە زمانی فەرمی.

زمانی ستاندەریش زمانی خوێندن و نووسینە بەڵام مەرج نییە کە زمانی دایك یان زمانی ئاخاوتن بێت.

بۆنموونە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن و ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی خەریك بوو لە ناو بچن بەڵام بەهۆی زمانی خوێندن توانیان جارێکی تر ببنەوە دوو وڵاتی زلهێزی ئابووری خاوەن تەکنەلۆژیا.

# دروستكردنی زمانی ستاندەریش بەچەند ڕێگەیەك دەكرێت:

**یەكەم:** ڕێگەی كلاسیكی:

١- زمانی كتێبی ئاسمانی
٢- هەژموونی سیاسی زارێك
٣- دەسەڵاتی سیاسی وڵات
٤- ئەكادیمیای زانستی زمان
٥- دەسەڵاتی ڕۆشنبیری وڵات

**دووەم:** ڕێگـــەی پـــلانی زمـــان

١- هەڵبژاردنی زارێك یان بن زارێك
٢- بە سیستەمكردن
٣- بە هەمەلایەنكردن
٤- جێبەجێكردن
٥- قبووڵكردنی جەماوەری




# بەشی تایبەت بە ئەدەب و فۆلكلۆر



## پێناسەی ئەدەب

ئەدەب: هونەرێکە لەهونەرە جوانەکان وەکو رەسم و مۆسیقا و بیناسازی ... هتد، بەڵام جیاوازی لەگەڵ هەموو ئەو هونەرانەی تر لەکەرەسەکەیەتی، بۆنموونە کەرەسەیمۆسیقا (دەنگە)وکەرەسەی وێنە (بۆیە) یە، کەرەسەی بیناسازی (دارو ئاسن و شتی ترە). کەرەسەو ئامرازی ئەدەبیش لە (وشـــەیـــە)پێکدێت.

- ➢ (ئەمرسن) لەبارەی ئەدەبەوە دەڵێت: ئەدەب تۆماری بیری پەسندە.
- ➢ئەدەب: دۆزینەوەیە بۆ جیهان و مرۆڤ.
- ➢ ئەدەب: دارِشتنێکی زمانەوانییە بۆ ئەزموونی مرۆڤایەتی.
- ➢ ئەدەب: دارِشتنێکی هونەرییە بۆ ئەزموونی شیعری.
- ➢ عەلائەدین سەجادی دەڵێت: « ئەدەب بەهوو چەشتنەکانییەوە، هەستێکی نازکە لەجەرگەی پەڕگەی دڵەوە هەڵئەدات، وە یا (خورپە- ئیلهام)ە دەکەوێتە ناوییەوە».



# پێناسەی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی

هەریەك لەم پێناسانەی سەرەوە دیدو روانینێکی تایبەتیان بۆ چەمکی ئەدەب هەیە و ریژەیەك لەراستیيان تێدايە، ئەم رێژەيەش بە پێی وردی لەدارِشتن و چەندێتی و چۆنيەتی نزیکبوونەوەی پێناسەکە لە سروشتی چەمکی ئەدەب دەگۆڕێت.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: «ئەدەب ئەزموون و چالاکی مرۆڤایەتییە کە لەرێگەی زمانێکی هونەرییەوە گوزارشت لە هەست و نەست و هزر و بیر و خەیاڵ و ئەندێشەو زمان و شێواز دەکات».**

# ڕەگەزەکانی ئەدەب

1- **بیر**: ئەو بیر و باوەڕەیە کە نووسەر دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر.

2- **سۆز**: سەرچاوەیەکی زۆر روونەو لەناخی دڵەوە هەڵدەقووڵێ.

3- **ئەندێشە (خەیاڵ)**: پەیکەری بیرە، چونکە وشە بەتەنیا ناتوانێت گوزارشت لەبیر بکات.

4- **شێوە، شێواز، (زمان)**: ئەو قالبەیە کە وشەو رستەو سۆز و ئەندێشەی تێدا دادەڕێژرێ.

**ئەم چوار رەگەزەی ئەدەب بەیەکەوە بەستراونەتەوە، نەبوونی هەر یەکێکیان هیچ مانایەك بۆ ئەدەب ناهێڵێتەوە**

# جۆرەکانی ئەدەب

1- ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆر)

2- ئەدەبی نووسراو

**زاراوەی فۆلکلۆر لە دوو بەش پێکهاتووە، ( فۆلك+ لۆر) کە بەهەردووانیان واتای «پەند و حیکمەتی خەڵك یاخود چیرۆکی خەڵك» دەگەیێنێت.**

**زانستی فۆلکلۆر یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی لە هەموو دونیا کۆمەڵێ دەستگای زانستی لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە دەکەن، فۆلکلۆر بە هەموو سامان و کەلەپوری کۆن ئەووتریێ کە بەدرێژای مێژوو دەستکرد و داهێنراو و بەرهەمی خەڵك بوون و ماونەتەوە، واتا پاشماوەکانی جل و بەرگی میللی کۆن و چۆنیەتی جل و بەرگی میللی ئەمرۆ، ڕایەخ و شتومەکی چێشتخانەو کەل و پەلی ناوماڵ و نەخشە و نیگار و خواردەمەنی و گەلێك شتی تر کە جێی پەنجەی هونەری میلللی پێوە دیارە .**

**ئەدەبی سەرزاریشی کە بە (ئەدەبی فۆلکلۆر) ناسراوە هەر بەشێکە لەو کەلەپورە نەتەوایەتییە کە داهێنان و بەرهەمی باب و باپیرانە و دەما و دەم پشتاوپشت هاتووە و ماوەتەوە.**

# گرنگی فۆلكلۆر بۆ نەتەوەی كورد

فۆلكلۆری كوردی یەكێ بووە لە بناغە گرنگەكانی پاراستنی زمانی كوردی، چونكە خاكی كوردستان ماوەیەكی دریژ بوو لەبن دەستی داگیركەران دابوو، ئەوانیش بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە میللەتی كورد لەناو خۆیدا بتوێننەوە.

یەكەم هەنگاویشیان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئەوە بووە كە ویستویانە زمانی كوردی لەناوبەرن!

هەریەك لە دەسەڵاتی عەرەب و فارس و تورك كە بەشێكی ئەم نیشتیمانەیان داگیركردووە، پێش هەموو شتێك نەیانهێشتووە كورد زمانەكەی لە خوێندن و نوسین بەكاربهێنێ، تەنانەت لە دەزگا فەرمییەكان قسەكردنیان بەو زمانە قەدەغە كردووە.

ئەگەر سەیری زمانی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بکرێت بەبەراووورد لەگەڵ زمانی نوسەران و شاعیران دەبینین بەرهەمە فۆلکلۆری و میللیەکە زمانەکەی گەلێ پـــاك و پـــاراوترە، بەمەش بووەتە سەرچـــاوەیەکی سەرەکی بۆ نوێبوونەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

لە قۆناغی شیعری ڕۆمانتیکیدا کە گۆرانی شاعیری کورد خۆی دان بەوەدادەنێ بۆ نوێبونەوەو خۆ ڕزگارکردن لە وشەی سواو و کێش و سەرواى عەرەبی پەنایان بردۆتە بەر فۆلکلۆر و شیعری فۆلکلۆری

# فۆلکلۆری کوردی لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (کوردناسەکان)

گەلی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی گەورەی فۆلکلۆرە، کە پێك هاتووە لە چەندین بەشی جیاجیا و جۆراو جۆر، ئەوەی یارمەتی دروست بوونی ئەم خەزێنە بەنرخەی داوە و لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر پارێزراوە و گواستراوەتەوە شوێنی جوگرافی دانیشتوانی گەلی کوردە، چونکە بەرزی و خۆشی چیاکانی، ئاو و کارێز و تاڤگەکانی و زەویە سەوز و بێستانە جوانەکانی و ..... هتد. هەمووی هۆکارن تا گەل پارێزگاری لە فۆلکلۆرە ڕەسەنەکەی بکات.

# کوردناسه کان لەبارەی فۆلکلۆری کوردییەوە دەڵێن:

1- گورگی دەڵێ: "فۆلکلۆری کوردی مادەیەکی خامی گەورەیە و سەرچاوەیەکە بۆ هەموو شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەرانی فۆلکلۆر، جا بۆیە گەر هاتوو لەو ڕابردووە باش تێگەیشتین ئەنجامەکانی ئێستامان لە هەموو کارێك باشتر دەبێت".


2– (نیکیتین) دەڵێ:" ئەدەبی کوردی بە پلەی یەکەمی فۆلکلۆری کوردییە، چونکە ئەو فۆلکلۆرە بە تەنها بریتیی نییە لە پاشماوەی باو باپیران لە ڕابروودا، بەڵکو ئەو فۆلکلۆرە توانای ئەوەی هەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان بەرەو پێش ببات و سوودی لێ وەربگرێ، چونکە دەوڵەمەندە بە ئەزموونی خودی گەلەکە خۆیەوە.

3– ئەبوڤیان دەڵێ: "فۆلکلۆری کوردی ڕۆحێکی شاعیریە لە ناخی هەموو کوردێك، چونکە خەڵکی کوردی بە شێخ و مەلاکانیشیانەوە توانا و بەهرەی گۆرانی وتنیان هەیە، ئەوان بەهێمنی لەسەرخۆ گۆرانی لەبارەی چیا و دەشت و دەر و تاڤگەو جوانی ئافرەت و ئازایەتی....دەڵێن".



# جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی







1– پەندو قسەی نەستەقی کوردی

2– حیکایەت

3– ئەفسانە

4– داستان

5– شیعری فۆلکلۆری

6 – گۆرانی فۆلکلۆری

7– حەیران و لاوك

8– نوکتە

9- مەتەڵ

10- ئیدیەم ... هتد.

# پەند و قسەی نەستەقی کوردی

زاراوەی پەند: لە ناو کورد دا بۆ گێڕانەوەی پەند چەندەها زاراوە بەکاردێنن ، وەکو پێشینان گوتویانە ، پەندەکە دەڵێ ، کورد وتەنی ، مەسەل ... هتد.

پرسیار/ وەکو ناونان و بەکارهێنانی زاراوە پەند بەکاربهێنن یا پەندی پێشینان ؟ کامیان باشترە؟

وەڵام/ بێگومان پەند، لە پەندی پێشینان باشترە، چونکە پەندی پێشینان جگە لەوەی وەرگێڕانێکی حەرفی (المثل القديم)ی عەرەبییە ئەوا پەندیش تەنها بە ڕابردوو دەبەستێتەوە، لە ڕاستیدا پەند کۆنی نییە.

## پێناسەی پەند

- وتەیەکیکورتی پڕواتایە، پوختەی تاقیکردنەوەی گەلە لە هەر قۆناغێکدا،بە ئاوێنەیڕاستەقینەی ژیانیڕابردووو وئێستای میللەت دادەنرێ، بەزمانێکی ڕەوان و شێوازێکی جوان بیر و باوەڕی چینەکانی ناو کۆمەڵ دەردەبڕێت.

- بریتیەلەکۆمەڵە وشەیەکی کەم، کەمانایەکی گەورە لەخۆ دەگرێت و بە باشترین شێوە گوزارشت لە فەلسەفەی چینـــایـــەتی و بارودۆخی کۆمەڵ دەکات.

## Greek ἀφορισμός aphorismos, delimitation

## قسەی نەستەق یان ئەفۆیریزم

وشەیەکی ڕەسەن یۆنانییە کە بریتییە لە ئاخاوتنێکی چڕی مانادار کە دەدرێتە پاڵ کەسێک، نووسەرێک یان مرۆڤێکی ناودار. شێوەی پەندی هەیە، بەڵام وەکو ئەویش نییە. نووسەر یان هەر مرۆڤێک لە ڕێگای ئەفۆریزم تەواوی بیری خۆی لە ڕستەیەک کۆ دەکاتەوە بە چەشنێک وەک ئاوێنە ئەو بیرەی هەڵیگرتووە تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

**نیچە بە قسەی نەستەق یان ئەفۆریزم لە سەرەتای نەخۆشییەکانی دەڵێ:** (بەدوای فەردە قورسەکانی خۆم دەگەڕام، ئەوە بوو خۆمم دۆزییەوە). خاسییەتی قووڵی ئەفۆریزم ئەوەیە مرۆڤ لە ڕێگای ئەمەوە تێبینیی بیر و بیرکردنەوەی خۆی دەکات.

## تایبەتمەندییەکانی پەند و قسەی نەستەقی کوردی



- لە شێوەی فێرکردن و پەند و ئامۆژگاری دان.
- کورتبڕی و خەست و قووڵی لە داڕشتنیدا.
- سیفەتی نەمری و زیندوویی لە خۆ دەگرن.
- ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی بەرزیان هەیە.

## جۆرەکانی پەند و قسەی نەستەقی کوردی

| لەڕووی ڕووخسارەوە | لەڕووی ناوەڕۆکەوە |
|---|---|
| ⇦ شیعر | ⇦ گاڵتە ئامێز |
| ⇦ پەخشان | ⇦ کۆمەڵایەتی |
| | ⇦ ئابوری |
| | ⇦ ئایینی |
| | ⇦ سیاسی |




**بەشێوەی شیعر**

جاهیل زلیش بێت وەك کەندووی بۆشە     دەنگی دەهۆل هەر لەدوور خوشە

گــــەورەیی بـــــەعــــــەقلە بــەســـاڵ نییە     دەوڵــــەمەندی بــەدڵــــە بەمـــاڵ نییە

**بەشیوەی پەخشان**

- ئاو بتبا نەدەی لەپردی نامەرد.
- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە.



نموونە بۆ جۆرەکانی پەند و قسەی نەستەقی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

**1) گاڵتە ئامێز (هزلی): وتیان ڕێوی کێ شاهێدتە وتی کلکم .**

**2) کۆمەڵایەتی (أجتماعی): هەتا گندۆر گندۆر بوو خزمێ مە گەلە زۆر بوون گندۆر هاتە بڕانێ خزم هاتە قڕانێ.**

**3) ئابوری (اقتصادی): پیاو بە کارەوە دیارە.**

**4) ئاینی (دینی): ئەگەر خوا دەرگەیەکی داخست هەزار دەرگەی ترت لێ دەکاتەوە.**

**5) سیاسی: ئاو بت با نەدەی لە پردی نامەرد.**

## ئیـــدیـــۆم:

ئیدیۆم، بەشێکە لە بەشەکانی فۆلکلۆر و کورترین واتای ئەوەیە کە « **وشەیەکە یا دەستە وشەیەکە کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێ، بەڵام بە مەبەست لە ڕستەیەکی تایبەت سیفەتی کەسێك یا شتێکی پێ دەردەبڕێ**» ئەمەش زیاتر بۆ سەرنج ڕاکێشان و کاریگەرکردنی قسەیە لە لایەن قسەکەرەوە .

## پرسیار/ بۆچی ئیدیۆم بەکاردێت؟

**1- بۆ دەرخستنی سیفەتی کەسێکە یان شتێکی باش یان خراپ یاخود دیارخستن و زەقکردنەوەی حاڵەت و دیاردەیەك لەناو کۆمەڵگادا.**

**2- ئیدیۆم شێوازی هونەری تایبەت و شێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زمانی دایکە.**

**3- لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ ڕای خۆی بەرامبەر هەڵوێستێك،کەسێك،...هتد بە چەند وشەیەکی سادە دەرببڕێت، دێت بە ئیدیۆم دەری دەبڕێت، تا قسەکەی بەهێزتر و کاریگەرتر و سەرنجڕاکێش تر بێ.**

**4- بۆ ڕەوانی و جوانکاری و کورتبڕیە.**

ئیدیۆم لەڕووی ڕۆنانەوە

- لە شێوەی وشەی لێکدراو: (دڵڕەق، زمان درێژ، ڕوح گەورە، لوت بەرز، کاسە لێس، چەلاوخۆر).
- لەشێوەی وشەی دارێژراو: (ماستاوچی، کڵاوچی، حازروبزر، سپی وسۆڵ، گرجوگۆڵ، دەست وبرد، خاوو خلیسك).
- لەشێوەی گرێ: (ئاگری بن کا، شاری بێ حاکم).
- لە شێوەی ڕستە: ( سەری پێ بسپێرە، دەمی شیرین کرد، ئاوی لە ژێر کرد، بوو بە دڵۆپێك ئاو، ڕیشەی جگەری دەرهێنا، لە تەڕ دەخوا لە وشك دەنوێ).

وەکـــــــــو:

- قەڵەمی ئەژنۆی شکا ⟷ واتا ڕووخاو ورەی بەردا
- لە جێی خۆی وشك بوو ⟷ زۆر ترساو سام گرتی
- لێوی خۆی گەست ⟷ تێگەیشت و پەشیمان بۆوە
- زمانی درێژە ⟷ زۆر بلێ یە

## حیکـــــایـــــەت:

حیکایەتیش بەشێکە لە بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و بە ژانرێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێ لە ژیانی گشت نەتەوەکانی دونیادا.

حیکایەت جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی مرۆڤ لە دێرینی زەمانەوە هەیە و ناسراوە و بە وێنەیەکی هونەری و ئەدەبی و گەنجینەیەکی بە نرخ دادەنرێ.

گرنگی حیکایەتی فۆلکلۆر لەوە دەردەکەوێ کە تەنها هەر سەربردە و حیکایەتی گێڕانەوەی پێشینانمان نییە، کە ئێمە گوێی بۆ بگرین، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا دەتوانین بیری مرۆڤی سەرەتای تیا بخوێنینەوە لەگەڵ ئەو حەز و ئارەزوو و خەونانەی کە هەیان بووە.

| جۆرەکانی حیکایەتیش ئەمانەن: | توخمەکانی حیکایەت ئەمانەن : |
|---|---|
| حیکایەتی خورافی<br>حیکایەتی میللی<br>حیکایەتی گیانداران | حیکایەتخوان<br>پاڵەوان<br>ڕووداو<br>کات<br>شوێن ...هتد |

**نـــوکتـــــــــــــه:**

ئەمانە کۆمەڵێك باس یان حیکایەتی کورتن، شێوازێکی کۆمیدیان هەیە، مەبەستیانە واقیعێکی خراپ لەڕوویێك لەڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە،جا چ سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی بێ... هتد.

**مـــــەتــــەڵ:**

کۆمەڵێك ڕستەو پەرەگرافی پرسیار ئامێزن، بە ڕەمز باس لە شتێك دەکەن، دواتر دەپرسن: ئەو شتە چییە؟ وەکو: بەپڕی نیوەیە و بە نیوەیی پڕە؟ وەڵام (مانگ).

## 2- ئەدەبی نووسراو:

ئەو ئەدەبەیە کە لەرێگەی نووسین و چاپەوە بڵاو کراوەتەوە و ئەدەبێکە تارادەیەك بارزە و خاوەنەکەی دیارە، ئەدەبی نووسراویش ( شیعر- پەخشان) دەگرێتەوە.

1- شیعر- هۆنراوە:

1- هۆنراوە (شیعر): پەیڤ گەلێکی بە کێش و سەرواداراە و واتا دەگەیێنێت. هەروەها شیعر بەرهەمی مرۆڤێکی بەهرەداری بە ئەندێشەیە و هەست و سۆز دەجولێنێ.

# جۆرەكانی شیعر:

یۆنانییەكان شیعریان بۆ چوار جۆر دابەش كردووە.

1- شیعری گۆرانی (لیریك): یەكەمین جۆری شیعرە و لە دڵ و دەروون و یژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ، ئەم جۆرە شیعرە سۆزێكی خەستی تێدایەو شاعیر هەستە پەنگخواردووەكانی لەگەڵا دەرد و مەینەتییەكانی دەردەبڕێ.

2- شیعری داستانی (ئیپیك): شیعرێكی چیرۆك ئامێزە پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت و سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە كە بەژیانەوە بەستراوە و راستی یان لەدەروونی خاوەن بەرهەمەكە دێنێتە دەرەوە، وێنەی قارەمانیەتی و ئازایەتی مرۆڤ نیشاندەدات. وەك داستانی ( ئەلیادە و ئۆدیسە) و (گلكامێش).

# جۆرەکانی شیعری داستانی(ئیپیك):

1- قارەمانیەتی

2- دلّداری

**3- شیعری درامی (شانۆیی)**

أ- کۆمیدیا( بەزمەساتی)

**ب- تراژیدیا( مەرگەساتی)**

**4- شیعری فێرکردن**

1- قارەمانیەتی: بـــــاس لە ئـــــازایەتی دەکات.

وەکو (داستانی قەلّای دمدم).

**** **** ****

**2- دلّداری:** بـــاس لە دلّـــداری دەکات.

وەکو (مەم و زین، خەج و سابەند، شیرن و خوسرەو).

**3- شیعری درامی (شانۆیی):** بریتیە لەو جۆرە شیعرەی کە بۆ نواندنە، نەك بۆ خوێندنەوە دەنووسرێت. کە بە شێوەی دایەلۆگ و گفتوگۆ پێشکەش دەکرێت.

هەروەها شیعرێکی بابەتیە بەو مانایەی کە شاعیر راستەوخۆ گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو بەسەرهات و ئێش و ئاریشەی کەسانی تر دەخاتەروو. وە دەبن بەدوو جۆر:

**أ-کۆمیدیا( بەزمەســــــــات):**

- زیاتر باس لەخۆشی و شادی دەکات.
- بابەتەکانیشی بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزانە پێشکەش دەکات.
- کەسایەتیەکانیشی پتر لەچینی ناوەند و خوارەوەی کۆمەڵن.

**ب- تراژیدیا( مەرگەسات):**

- باسی ناخۆشی و کارەسات دەکات
- زێدەتر پشت بەسۆز دەبەستێت و هەر بەناخۆشیش کۆتایی دێت.
- کەسایەتیەکانیشی پتر لەپادشا و سەرکردە و دەسەڵاتدار و چینی بەرزی کۆمەڵگە پێکدێت.

**4- شیعری فێرکردن:** بەمەبەستی ئاسانکردن و فێرکردن بەکار دێت،(هیسیۆد) لە(800) پێش زایین، یەکەم شیعری دەربارەی چاندن نووسیوە، و لە کوردیشدا (نەوبەهارا بچووکان)ی خانی و (لوغەتنامەی ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدەهی باشترین نموونەی بەرچاون لەم جۆرە شیعرە.

**فۆرمەکانی شیعر بەپێی قۆناغبەندییەکان پێکدێن لە:**

**1- شیعری کۆن**

**2- شیعری نوێ**

## 1. شیعری کــــۆن:

که شیعری کلاسیکی کوردیشی پێدەگوترێ، لەسەدەکانی یازدە تاکوو نۆزدە دەگرێتەوە. بریتیە لەو ڕووبارە شیعرەی که لەسەردەمی (بابا تاهیری هەمەدانی) یەوە هەڵدەقولێتودەڕژێتە ڕووبارەکانی شیعری (مەلای پەرێشان و مەلای جزیری و نالی و سالم و کوردی و حاجی و حەمدی) ....هتد.

شیعری کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش بە دیالێکتی لوڕی و گۆران و کرمانجی ژووڕو و کرمانجی خوارووو نوسراوەو دەنوسرێ.

شیعری کۆنی (کلاسیکی) کوردی بەرهەمی چینی باڵاو بەگزادە و دیوەخانەکان بوو تەنیا ئاراستەی ئەو چینە باڵایە دەکرا و تەنیاش لە دیوەخانەکانی ئاغا و مزگەوتەکانی دەخوێنرایەوە و هەر بۆیە شاعیرەکانیشی نزیکی ئەو چینانە بوون.


شیعــری کۆن بــە کێشــی عەڕووزی عەرەبی و وشەگەلێکی تێکەڵاو بــەزمــانی بێگــانەی (عەرەبی-فارسی) دەنوسراو، هەروەها گرنگی تایبەتیشیان بە هونەرەکانی ڕەوانبێــژی دەدا وەکــو وتەو دەربڕینەکــانی (ئەبرۆی کەوان، برژانگی تیر و نێرگسی شەهلا ....هتد.


نموونەی شیعری کلاسیك

**نالی و ئامانجی شیعری نالی :**

هەرچی دەیزانی هەستی پێ دەکرد  بە زمانی کوردی تۆماری دەکرد بەم جۆرە یەکەم شاعیرە لە کوردستانی باشور توانی ئەم زمانە  بکاتە زمانێکی شیعری بەرز و باڵا.

نالی زمانی هاوسێکانی کوردی زانیوە و بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە شیعرەکانی دا بۆ ئەوە نەبووە کە بەرامبەرەکانیان لە زمانی کوردی  نییە. بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو وشانە لەو سەردەمە وشەی فەرهەنگی شیعری بووە و لە زمانی (فارسی و کوردی و عوسمانی) دا، بەکاردەهێنران.




## شیعرەکانی نالی لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

### 1- نیشتیمانپەروەری:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیـــە مەقسودی لە عەمدا وا دەکات

### 2- دڵداری:

بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵم دەشکێنێ
مەی بۆ نەڕژێ شووشە لەســەد لاوە شکاوە

### جوانی سروشتی کوردستان:

گوڵ تاجی لەسەر ناوە چەمەن مەخمەلی پۆشی
هات موژدە کە خەلعەت گــەییە بە بەمو باهات
هات زەمــزەمــەیی بولبـــول و ئـــاوازی قومـــری
هات بادی صەبا دێن و دەچین عەرعەر و بانات

## 2. شیعری نوێ

زاراوەی نوێ کە ئێمە بەرامبەر (مۆدێرن modern )ی فەڕەنسی بەکارمان هێناوە، لە زمانی کوردیدا (تازە) و (هاوچەرخ)یشی پێ دەگوترێ، لە بنەڕەتدا وشەکە لاتینیەو بەواتای ئەوەی هەرچ شتێك یان کەسێك پەیوەندی بە ئەمڕۆ یان سەردەمێکی نزیکەوە هەبێت.

- نوێگەری و نوێکردنەوەش: واتا خۆگونجاندنە لەگەڵ بەکارهێنانی هاوچەرخەکان بە واتا هەموو شتێك لە مرۆڤ و کۆمەڵ تێکستی ئەدەبی و کاری هونەری حیساب بۆ ئێستا بوونی خۆیان بکەن. هەروەها ئەدەبیاتی کوردیش لەژێر کاریگەرێتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم مۆدێرنیزمەدا سەری هەڵداوە.


ئەو ڕێبازە ئەدەبیانەی لەم قۆناغەدا سەریانهەڵداو شیعریان پێ نووسی بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ڕۆمانسیزم
- ڕیالیزم
- پەڕناسیزم
- سمبولیزم
- دادایزم
- سویالیزم



- لەناو کوردیش لەسەدەی نۆزدە بەدواوە، ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەست پێ دەکات، کە "پیرەمێرد"ی شاعیر هەوێنەکەی دانا و گۆران، شێخ نوری شێخ سالح، ڕەشید نەجیب، هەردی، دیلان، کامەران ...هتد گەیاندیانە لوتکە.

## نموونەی شیعری رومانتیکی کوردی





گۆران لە وەسفی ئافرەت دا دەڵێت:

کام رەشی ئەگا بە رەشی چاوی ؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەك بەرزی باڵای؟
کام تیشك ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟

لە جوانی سروشت دا دەڵێت:

ئەملا یەك پەڵە، ئەولا یەك پەڵە: هەوری رەنگاورەنگ
لەناوەڕاستا: بەدەم ئاسۆوە رۆژی شۆخ و شەنگ!




**نمونەی شیعری ریالیزم:**

**هەردی شاعیر دەڵێت:**

**بۆ هەر کوێ ئەچم پێی خراپترم ...**
**ناسرەوێ دڵەی پڕ لە ئاگرم...**
**نە لەناو گوڵزار،**
**نە لە لای خزم و یار**
**نە لە دەشت و شار**
**ئۆقرە ناگرم ... ؟!**

# پـــــەخشـــــان

**پەخشان: شێوە و فۆڕمێکی نووسینە، کە لە زمانی ئەقڵ و ژیرییەوە سەرچاوەی گرتووە، تارادەیەکی زۆر خۆ لە کێش و سەروا بەدوور دەگرێت.**

**پەخشان دوو بەشی سەرەکی هەیە،کە بریتین لە:**

**1- پەخشانی زانستی:**

**ئەو پەخشانەیە کە زانستە جۆراو جۆرەکانی وەك ( کیمیا، فیزیا، ماتماتیك، ئایین، یاسا، مێژوو، جوگرافیا،دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەندازە...هتد پێدەنووسرێت.**

**2 - پەخشانی هونەری (ئەدەبی):**

**ئەو پەخشانەیە کە بەشێوەیەکی ئەدەبی بەرز و بە داهێنانی گەورە دەنووسرێت. لە داڕشتندا پوخت و لە بیر و لێکدانەوەدا بە سۆز و هەست بزوێنە.**

**جۆرەکانی بەخشانی هونەری (ئەدەبی):**

**1- وتار:** پارچە نووسینێکی ئەدەبییە، لاپەرەیەکی دیاریکراو لە ژیان دەگرێتەخۆی و بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە. چەندین جۆر لەخۆ دەگرێت، وەك: (کەسی، کۆمەڵایەتی، رەخنەیی، زانستی).

**2- ژیاننامە(بایۆگرافی):** وەرگێرانی ژیانی مرۆڤێکە لەمیانەی خستنەرووی وێنەیەکی راستگۆ و پرشنگداری ژیانی خۆی.

**دووجۆرە ژیاننامە هەیە.**

**أ- ژیاننامەی خودی:** لێرەدا نووسەر تەنیا باسی ژیانی خۆی دەکات.

**ب- ژیاننامەی بابەتی:** نووسەر باسی ژیانی کەسانی دیکە دەکات.

**3- دواندەری،خوتبەدەر(خطبە):** بریتیە لەهونەری قسەکردن لە پێناو رازیکردن و کارتێکردن بەکاردەهێنرێت، چەند جۆرێکی هەیە، وەك ( ئامۆژگاری، دادگەری، ئاینی، فێرکردن، ...هتد).

**مەرجەکانی کەسی دواندەر، خوتبەدەر:**

- ناسراو بێت و جێگەی رێز و تەقدیری خەڵك بێت.
- لەرووی بیناتی لەشەوە رێکوپێك بێت.
- (ناطق) و زمان پاراو بێت. واتا( کەموکوڕی لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا نەبێت).
- شارەزای ژینگەو ژیان و دەورو بەر بێت.
- بەرزی و نزمی دەنگ لەکاتی خوتبەداندا پەیڕەوبکات.
- بەڵگەی واقیعی( کەتوار) بۆ قسەکانی بهێنێتەوە.
- بە کەمترین پەیڤ زۆرترین زانیاری پێشکەشی گوێگران بکات.

**چیرۆك:** گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی یەك لەدوای یەکە لەڕێگەی گێڕەرەوە، کە لەدەوری کەسی سەرەکی و ناسەرەکی چیرۆکدا دەخولێتەوە. دوو جۆری هەیە، وەك( چیرۆکی واقیعی، چیرۆکی خەیاڵی)

**ڕۆمان:** ژانرێکی پەخشان ئامێزی ئەدەبییە، کە وێنە و ژیانی کارەکتەرەکان لە کۆمەڵێ ڕوودوا و کات و شوێنی جیاوازدا پێشکەش دەکات.

**گاڵتە و گەپ:** چیرۆکێکی کورتە کە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز هۆنراوەتەوە و گیانی پێکەنینی کراوەتەبەر.

**شانۆگەری:** چیرۆکێکە بۆ نواندن ئـامادەکراوە، یـان دەقێکی نمـــایشکراوە کە ( رووداو، کات، شوێن) رۆڵی تێدا دەبینن و هەست و سۆز و جووڵەش بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

**نامە:** بریتیە لەو نووسینانەی کە لە شێوەی پارچەو پەرەگرافەوە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر دەنووسرێت. لەدارشتنیدا هونەرکاری زۆری بۆ دەکرێت. وەك نامەی (سیاسی، ئەڤینداری، دۆستایەتی، ...هتد ).

**پەند و قسەی نەستەق:** بەرهەمێکی کورت و کۆنی گەلانی سەرەتایە، کە فەلسەفە و حیکمەتی زۆر لە پشت پەندەکانەوە هەیە.

# جیاوازی نێوان شیعر وپەخشان

## شیـــــعر

1. لە ویژدان و سۆزەوە پەیدادەبێت
2. کێش و سەروای هەیە
3. کورت و چڕ و پڕ واتایە
4. یاری بەوشەکان دەکرێت و پابەندی یاسا ڕێزمانییەکان نابێت
5. بە چەندین شێوە دەنوسرێت.
6. کەسایەتی دەردەکەوێت
7. هونەرەکانی رەوانبێژی رۆڵی سەرەکی دەبینن تیایدا.

## پـــەخشان

1. لە ئەقڵ و ژیرییەوە پەیدادەبێت
2. مەرج نییە کیش و سەروای هەبێت پەرش و بڵاو و درێژدادڕە
3. یاری بەوشەکان ناکرێت و وابەستەیە بە یاساکانی ڕێزمان و رستەسازی
4. بەیەك شێوە دەنووسرێت و لەشێوەی پەڕەگراف دەردەکەوێت
5. کەسایەتی دەرناکەوێت
6. هونەرەکانی رەوانبێژی رۆڵی سەرەکی نابینن تیایدا.